

Immigration Advice Authority

# بەدوای ئامۆژگاری کۆچبەریدا دەگەڕێیت؟ ڕێکخراوی IAA لێرەیە بۆ ئەوەی یارمەتیت بدات.

هەر کەسێک کە ئامۆژگاری یان خزمەتی کۆچبەری پێشکەش دەکات دەبێت بە شێوەیەکی دروست ڕێکبخرێت. **دەسەڵاتی ڕاوێژکاری کۆچبەری (IAA)** ڕێسایەکی ڕەفتار بۆ ڕاوێژکارانی کۆچبەری دادەنێت، و دەتوانێت بەناوی تۆوە لێکۆڵینەوە لە سکاڵاکان بکات ئەگەر شتێک خراپ جێبەجێ بکرێت.

بۆ ئەوەی دڵنیا بیت کە ئامۆژگاری کۆچبەریی پسپۆڕانە وەردەگریت وەها کە بتوانیت متمانەت پێی هەبێت، هەمیشە دڵنیا ببە کە ڕاوێژکارەکەت لای IAA تۆمار کرابێت، یان لە ڕێگەی ئێمەوە بەدوای ڕاوێژکارێکی ڕەسمیدا بگەڕێ.

## دەسەڵاتی ڕاوێژکاری کۆچبەری (IAA) کێیە؟

IAA ئەو ڕێکخراوەیە کە ڕاوێژکارانی کۆچبەری ڕێک دەخات و داکۆکی لەسەر باشترین شێوازی کارکردن لە سەرانسەری کەرتی ڕاوێژکاریی کۆچبەریدا دەکات. بۆ ئەوەی ڕاوێژکارێک لای ئێمە تۆمار بکرێت، پێویستە نیشان بدات کە لەگەڵ ستانداردەکانی ئێمەدا دەگونجێت و بەردەوام پابەندی ئەم ستانداردانە دەبێت.

دابینکردنی ئامۆژگاریی کۆچبەری لە بەریتانیا ئەگەر بە شێوەیەکی دروست ڕێک نەخرابێت، نایاساییە. ئەوانەی کە ئەو کارە دەکەن خەڵکی لاواز دەخەنە مەترسییەوە و زیان بە سیستەمی کۆچبەری دەگەیەنن.IAA دەسەڵاتی ئەوەی هەیە کە هەنگاوی یاسایی لە دژی ئەو ڕاوێژکارانە بگرێتە بەر کە یاسا پێشێل دەکەن.

## ڕاوێژکارێکی تۆمارکراوی IAA بدۆزەوە

بە سەردانی gov.uk/iaa دەتوانیت ڕاوێژکاری کۆچبەریی تۆمارکراو بدۆزیتەوە



# سکاڵا بکە لە ڕاوێژکارێک

ئەگەر ئەزموونێکی خراپت هەبووە، ئێمە دەمانەوێت لەبارەیەوە بزانین بۆ ئەوەی بتوانین یارمەتیدەر بین لە ڕاستکردنەوەی شتەکان. دەتوانیت سکاڵا بدەیتە IAA سەبارەت بە:

- ئەو خزمەتە خراپە کە لە ڕاوێژکارێک وەرت گرتووە کە لای IAA تۆمار کراوە، وەک چەواشەکردن، زیادەپارە لێسەندن، خزمەتی خراپی مشتەری، ئامۆژگاریی خراپت یان وەڵامنەدانەوە بە جەنابت.
- ئامۆژگاریەکی کۆچبەری کە لە کەسێکی ڕێکنەخراو وەرتگرتووە

هەروەها دەتوانیت داوا لە کەسێک بکەیت کە بەناوی تۆوە سکاڵا بکات، وەک هاوڕێ، پارێزەر یان ڕێکخراوێکی خۆبەخش.

لێرە سکان بکە بۆ سەردانی ماڵپەڕەکەمان

**چۆن پەیوەندیمان پێوە بکەیت**

ئەگەر دەتەوێت سکاڵا بکەیت یان بەس نیگەرانیەکی گشتی دەربڕیت، چەند ڕێگە هەن بۆ پەیوەندیکردن بە IAAـەوە:

سەردانی gov.uk/iaa بکە

ئیمەیڵ:
info@immigrationadviceauthority.gov.uk